




# کڵاو بۆ ڕازاندنەوەی خانمان

شێوازی خۆ پاراستن لە سەرما، چەندین ڕێگە و شـێوازی جۆراوجۆری هەیە، لە کاتێکدا هەر شـێوازێك بە جوانی و مۆدەکانی جوانکارییەوە بەنـدە و لە نزیـك و دوورەوە دەبێ ئەو شـێوازانە پابەندی جوانی و ڕازاوەیـی بن، لە ڕێگەی ئەو ئێکسسـوار و مـۆدە و جلانەی کە بۆ ئەو وەرزە تەرخـان دەکرێـن، دەتوانین هەندێکیان بە بیرۆکەیەکـی جیاواز و ڕازاوە کاری لەسـەر بکەین و ئەمەش دەبێتە هەنگاوێکی گرنگ لە داپۆشین و دانانی سـتایلێکی جیاکەرەوە، کڵاو وەك ئێکسسـوارێکی نەرم و هێمن، سـەرەڕای ئەوەی دیمەنێکـی ڕازاوەی هەیە، کەچی دەتوانین شـێوازێکی ناسـکی لێ وەربگرین بۆ پاراسـتنی سـەر لە سـەرما و هەروەها کڵاو لە وەرزی زسـتاندا بەشێکی زۆری جوانی جەسـتە داگیر دەکات، لە کاتێکدا شـێوازەکانی جلی زستانە، پەیوەندیان بە ناسکی و ڕازاوەیی دەبێ، شـێوازەکانی کڵاویش جیاوازیان هەیە، هەر یەکە لەگەڵ دیزانێکی دیکەدا لە ڕووی سـتایل و ڕەنگ و چۆنییەتی لەسـەر کـردن جیاوازە، بەڵام ئەوەی زیاتر باوە، کڵاوی قوماش و پەمۆیە، کە دەخرێتە سەر و بە قژەوە دەنووسێ، ئەمەش جوانترین دیمەکانی جوانـی کڵاو دابین دەکات و دەبێتـە هۆکارێك بۆ جوانیی قژ و سەر.

# گوارەی گەورە بۆ وەرزی سەرما

ئێکسسـوارەکان زیاتر لـە وەرزەکانی بەهـار و هاوینـدا دەردەکەون، بەهۆی ئـەوەی جلوبەرگ لەو کاتە تەنکن یان بەشـێکی جەستە دیار دەخەن، بۆیە لەم ڕێگەیەوە، شێوازەکانی ئێکسسوارەکان بە ڕوونی دەدرەوشـێنەوە، لە کاتێکدا دەبێ ئێکسسوار بە دیمەنێکی خۆی ڕازاوەیی خۆی لە دەسـت نەدات، ئەوانەی زیاتر بەرچـاون و لەگەڵ هـەر مۆدەیەکی جلوبەرگ یان تەسـریحەدا دیارن، ئەو ئێکسسـوارانەن، بازنگ و گوارە، دوو ئێکسسـواری ناسـك و ڕازاوەن، بەڵام ئەوەی زیاتر دەردەکەوێ ئێکسسـواری گوارەیە، زیاتریش لە وەرزی زسـتاندا گوارە بەهـۆی ڕەفتە و کڵاو و ملپێچ دەرناکـەوێ، لێرەدا چارەسـەری هەیە بـۆ هەڵبژاردنی شـێوەیەکی دیکەی ئێکسسواری گوارە، ئەویش بە گۆڕینی سـتایلی گوارەکە تاوەکو جیاوازییەکی ئەوتۆی هەبێ لەگەڵ شێوەی بچووکی وەرزەکانی دیکەدا، کاتێك گوارە گەورە دەبێ لەو وەرزەدا، ئەگەر بەهۆی ڕێگرییەکانـی دیکـەدا شـێوەی دیار نەبێ، بەڵام بەهۆی شێوە گەورەکەیەوە بەرچـاو دەردەکـەوێ، هەروەها چاکترە گوارەی وەرزی زستانە لە شێوەیەك بێـت، کـە لە شـێوەی ئاسـایی خۆیـەوە دوور بێت، ئەمەش وادەکات زیاتر سەرنجڕاکێش بێ و زیاتر دەربکەوێت.




# مۆدە تازەی جلی منداڵان



ئەگەرچی خانمان پێویسـتیان بە جلوبەرگە، زیاتریش جلی زسـتانە پێویسـتی بە گۆڕانـکاری هەیە و بە شـێوەیەك دەتوانین هۆکارە جیاوازەکان لە هەڵبژاردنی جلوبەرگ کە چەندین شێوەی تایبەتی هەیە دەست نیشـان بکەین، کاتێك خانمان بیر لە جلێکی نایاب و جوان دەکەنەوە بۆ پۆشـین، لە هەمان کاتیشـدا دەبێ بـۆ منداڵەکانیش جلوبەرگی جـوان و ڕازاوە ئامادە بکەن، هەر یەکەش بەپێی پێویستی خۆی دەبێ گرنگیی پێبدرێ و کاری لەسـەر بکرێ، منداڵی تازە پێگەیشتوو یان ئەوانەی لە ژێر تەمەنی هەرزەکاریدان، بە تایبـەت ئەوانەی کچن، کچانی تەمەن بچووك، دەتوانن ڕۆڵـی جوانکردنی ماڵ ببینێ و لەگەڵ هەر جلێکی جواندا خۆی پۆشتە بکات، ئەمەش لەسـەر لێهاتوویی دایکی یان ئـەو خانمەی سەرپەرشـتی ئەو منداڵە دەکات،دەوەستێ، کە جلێکی دروستی بۆ هەڵبژێرێ، جلی زستانەی منداڵان زیاتر لە جلی ڕەنگاوڕەنگ و شێوەی کراوەیە، واتە جلەکان تەسـك نەبن، و زیاتریش جوانە کە گەورە و فراوان بن، چونکە زیاتر لەگەڵ جوانیی جەستەی منداڵ دەگونجێ و دیمەنێکی ڕازاوەشی دەبێ کاتێك دەپۆشێت.



# هەڵبژاردە لە شێوازەکانی ڕەنگی لێو



گۆڕانکاریەکان لە بواری جوانکاری و مۆدەدا لەسەرەتا دەست پێدەکەن و تاوەکو سەرەتای وەرزی زستان، لەبەر ئەوەی وەرزی پاییز، یەکێکە لە وەرزە خنجیلانەکانی ساڵ و بە وەرزی گەڵاوەرین ناسراوە، بۆیە دەبێ شێوازێك لە ڕەنگ و ستایلی گەڵای دارەکان بکرێنە مۆدە و جێ شوێن گەڵاوەرینەکان بگرنەوە، بۆیە لەلایەن دیزاینەران و ئامادەکارانی مۆدە و شێوازە جیاجیاکانی ماکیاژدا، گرنگییان بە لایەنێکی تایبەت لە بواری جوانکاری داوە و ئەویش لە ڕێگەی ئامادەکاری بۆ جوانی ڕەنگێکی شیاو بۆ لێو، لەو وەرزەدا ئەگەرچی ڕەنگەکان هێما و گرنگیی خۆیان نابەخشن، بەڵام دەبن بە پاڵنەر بۆ بەدیهێنانی شێوازێکی ڕازاوە وناسك لە ڕەنگی لێو، هەندێك ڕەنگ دەبن بە پاڵێوراوی سەرەکی بۆ وەرزی پاییز، ئەویش ئەوانەن : ڕەنگی جەرگی – پرتەقاڵی – سووری کاڵ – پەمەیی تۆخ و کاڵ، هەروەها بە بریقە کردنیش هۆکارێکی سەرەکیی جوانی و شێوازێکی تازە دەنوێنێ لە مۆدەکانی ڕەنگی لێو لە وەرزی زستاندا.







# ستایلێکی جوانی ملوانکە بۆ ساڵی ٢٠١٤

ملوانکە، چەندین شێوازی جۆراوجۆری هەیە، بەمەش هەر مۆدەیەك ستایلێکی ڕازاوە دروست دەکات، ئەو چەند شێوازەی ملوانکە، جۆرێکی نایاب و ڕازاوەن، بەهۆی ئەوەی ئەو ملوانکەیە بە ستایلێکی نەرم یان خاو دروست کراوە، بۆیە کاتێك لە مل دەکرێ، شێوەیەکی بازنەیی ناسك لە خوارەوە دروست دەکات، هەروەها دەنکەکانی درشت و شێوەی گەورە ئامادەکراوە، وەکو دەزانین ئێکسسوارەکانی وەرزی زستانە زیاتر لە شێوەی گەورە و کراوە دەبن، مەبەست لەوەش بۆ زیاتر دەرکەوتنی ئێکسسوارەکەیە، ئەو جۆرە مۆدەیەی ملوانکە، چەندین شێوازی جۆراوجۆرن بۆ ساڵی داهاتووی ٢٠١٤ کە دەکرێ مۆدەیەکی باو و ڕازاوە بن لە ملی خانماندا.





# کێڵان و جووت کردن!

کەرەستەکانی کێڵان و جووت کردن، بە چەندین کاری قورس دەزانرێ، بەڵام جگە لەوەش جووتیاران ئەو لایەنە فەرامۆش دەکەن و بەهۆی خۆشەویستییان بۆ کاری جووت کردن خۆیان خەریك دەکەن، ئەم چەند رۆژە و تا کۆتایی مانگی دوانزە، مـــاوەی جووت کردن و کێڵانـــی زەوی و زارە، یان چاندنی دانەوێڵەیـــە لەلایەن جوتیاران، تاکـــو دوای چەند مانگێك یان لەســـەرەتای هاوینی داهاتوو بەروبوومەکە دەدوورنەوە، کاری جووت کردن یان کێڵان پێشان بە هەوجار ئەنجام دەدرا، کە هەوجاریش لە ســـێ بەش پێکدێ، ئەوەی بە دەســـتەوە دەگیرێ پێیدەگوترێ (دەستەن دوو)،، دواتر بەشێك دێ کە پێیدەگوترێ هەوجار، لە خوارەوەش پارچە ئاســـنێك هەیە لە شێوەی چەقۆیە، پێیدەگوترێ (گاسن)، هەروەها ئەو بەشەی لە ئاژەڵ دەخرێ پێیدەگوترێ (مژانە)، هەوجار زیاتر لە گا دەخرێ، بۆیە پێیدەگوتـــرێ (گاجووت) واتە گای تایبەت بۆ جووت کردن، ئەو مژانەی پێشەوە پێیدەگوترێ (نیر) کە زەنگوڵە و شـــتی جوانی پێوەیە، دەخرێتە سەر ملی گاکان دواتریش بە دەست جووت دەکرا، واتە بە دەست بەروبوومەکەیان بەســـەر زەوییە کێڵاوەکەدا هەڵدەدا، ئەوەی جووتیاران باسی دەکـــەن، وەك پێوەرێکی کۆن دەبێ لـــە کاتی جووت کردن، ئەگەر بســـتێك لەســـەر زەوی کێلگەکە دابنێی دەبێ نێوان (٦تا٨) دەنکـــە دانەوێڵەی تێدابێ، لەگەڵ پێشـــکەوتنی تەکنەلۆژیـــا و داهێنان و دواتریش تراکتـــۆر پەیدا بوو، کە کاری کێڵانی ئاســـان کرد ئەویش بە هۆی گاسنەکانیەوە، دواتریش ئامێرێکی دیکە بەناوی خەرماشە پەیدابوو، ئەویش تاوەکو ئێســـتاش رۆڵێکی گرنگـــی هەیە لە کاری کێلان و جووت کردندا، چەند ساڵێکە ئامێریکی دیکە پەیدا بووە، کە ئەویش پێیدەگوترێ : تۆدەر کەکارەکەی ئاسان کردووە، تەنیا دانەوێڵەی دەخرێتە ناوی و کارەکە تەواو دەکات.

# زمان درێژترین مرۆڤی جیهان

هاووڵاتییەکـــی وڵاتـــی تورکیـــا، بـــە نیـــازی وەرگرتنـــەوەی نازناوی درێژترین زمانە لە (ســـتیڤف تایلۆر) ی ئەمریك، ئەو پیاوە تورکییەش ناوی (عەلائەدین یـــەل)ە و تەمەنی (٣٥) ساڵە، وێڕای زمانە درێژەکەی،وادیارە لە قسەکردنیشدا زمانی درێژە و داوای نازناو دەکات، درێژیی زمانی دەگاتە (١٣,٥) ســـەنتیمەتر، دوای ئـــەوەی پشکنین بۆ درێژیی زمانی کراوە، بۆی دەرکەوتووە کە بۆی هەیە نازناوەکە لە تایلۆر بستێنێتەوە و بە چەند پۆینتێك لە دواوەی ئەو پیاوە تورکە دێت، کاری (عەلائەدین) سەرتاشـــینە و بەهۆی ئەوەی خەڵێکی زۆر ئەو قسەی پێدەڵێن تاوەکو بەشـــداری بکات لە پێشبڕکێی زمان درێـــژی و نازناوەکـــە بباتەوە، ئەویش هیواخوازە ببێتە زمان درێژترین مرۆڤی جیهان.



# ئۆتۆمبێلێکی مینی (١٤) کەس دەگرێت!

وەك یەکێـــك لە تاقیکردنەوە ســـەیرەکان، تاوەکو بزانن ئوتۆمبێلێك چەند کەس هەڵدەگرێ، لە بەرچاوی خەڵك و لە شاری پاریسی پایتەختی فەڕەنسا، کۆمەڵە گەنجێك کە ژمارەیان (٢٠) کەس دەبوون، توانیان خۆیان بخەنە ناو ئوتۆمبێلێکی مینی بچووك لە جۆری (فیات ٥٠٠) کە بە بچووکتریـــن ئوتۆمبێل دادەنرێ، لە وێنەکەدا دیارە ئەوانـــەی فانێلای زەردیان لەبەرە و هەوڵ دەدەن بچنە ناو ئوتۆمبێلەکە، دوای هەوڵێکی زۆر، (١٤) کەس جێگەی لەنـــاو ئوتۆمبێلە بچووکەکە بۆوە، دەبێ ئەوەش بزانین ئەو کەسانەی بەشداریان کرد لەو کارە، مرۆڤی قەڵەو نەبوون، تەنانەت کێشی جەســـتەیان ئاسایی بوو، ئەوەی سەیرە لە ناو ئوتۆمبێلەکە هەر یەکە بە شێوەیەك خۆی چەماندۆتەوە تاوەکو جێگەی ببێتەوە.





# ژن و ژنخوازی و بووک گواستنەوەی جاران

لە سەردەمی خۆیدا ڕێوڕەسمی ژن هێنان ئەوەندە بە تام و چێژ بووە، تەنانەت بۆ گشت خەڵك و ئامادەبووانی ئاهەنگ، وەکو ئێستا ئەو پێشکەوتنە نەبووە، وەك چوونە سالۆن و پیاسەکردن و ئاهەنگ لە هۆڵەکاندا، لە سەرەتادا دوای داوا کردن و داخوازی ماڵە کچە دەیانگوت ماوەیەکی دیکە وەڵامتان دەدەینەوە، دوای ڕەزامەندی بۆ پێدانی کچەکەیان، لە ماوەیەکی کۆندا بەسەر پشتی ئەسپ و بە شایی و خۆشی لە گوندەکاندا بووکەیان دەهێنایە ماڵی زاوا، کە دەبوایە زاواش بە سەر پشتی ئەسپێکەوە بچێتە ماڵی بووك، هەمان ڕێ و شوێن لە شاردا هەبوو، بەڵام بە ئوتۆمبێل یان عارەبانەی بە ئاژەڵەوە، شەوی پێش ڕۆیشتنی بووك، لە ماڵی بووك (خەنەبەندان) دەکرا، کە ئەویش ئاهەنگێکی بچووکی تایبەت بە کچان و ئافرەتان و ناسیاوانی بووکەکە، لە ماڵی بووکدا کۆ دەبوونەوە و بە قسەی خۆش و شایی و هەڵپەرکێ و دواتریش خەنە لە سەر دەست و ناوەوەی دەست و پەنجەکان دەدرا، بۆ ڕۆژی دواتر لە ماڵی کوڕە دەبوو بە ئاهەنگ و خۆشی، ئەگەر ماڵی کوڕە یان کچە تازییەیان نەبووایە ئاهەنگ و زەماوەند ساز دەکرا، لەلای هەندێك خێزاندا بۆ ماوەی زیاتر لە هەفتەیەك دەبوو بە ئاهەنگ گێران و داوەت کردنی خەڵك و تەنانەت بە (حەوت ڕۆژ و حەوت شەو) بەناوبانگ بوو، تا بەم دواییەش ئەو کەلتوورە باو بوو، کاتێك ماڵی زاوا لە دوو تا سێ شەو و ڕۆژ ئاهەنگیان دەگێرا، پاشان لە ڕۆژی ئاهەنگ خەڵکی گەڕەك و دراوسێ و کەسانی نزیك و خزم و دۆست، کۆ دەبوونەوە و چاوەڕێی بەڕێ کردنی بووك هێنان بوون لەلایەن ماڵی زاوا، لە ماڵیش بووکەکەش چاوەڕێی و ئامادەی بەڕێکردنی بووکە جوانەکەیان بوون.






## خاوەنی درێژترین قاچ!

دوای ئەوەی لە ساڵی (٢٠٠٩)دا (سفیلانا بانکۆاتۆڤا) بە خاوەنی درێژترین قاچ هەڵبژێردرا، بۆ جاری دووەم هەمان نازناو بەو ئافرەتە ڕووسیە دەدرێتەوە کە تاوەکو ئێستا ڕکابەری نەبووە لە درێژترین قاچی مرۆڤدا، (سفیلانا)ی تەمەن (٣٦) ساڵ، کە یاریزانی یانەیەکی تۆپی باسکەی وڵاتی ڕووسیایە، بە خاوەن درێژترین قاچ دەست نیشان کرا، دوای ئەوەی بە داوەتێکی فەرمی دەگاتە شاری نیویۆرك تاوەکو ناوی لە ژمارە پێوانەییەکانی گینس تۆمار بکرێ، درێژیی قاچی ئەو ئافرەتە دەگاتە (١٤٣) سەنتیمەتر، واتە نزیکەی مەتر و نیوێك، لە کاتێکدا درێژی قاچی مرۆڤێکی ئاسایی تا مەترێك یان کەمتر دەبێ، تاوەکو ئێستاش هەمان ئەو ئافرەتە خاوەن ئەو نازناوەیە و ئەوەی سەیرە درێژ بوونی قاچی ئەو ئافرەتە بە شێوەیەکی سرووشتی بووە.



## وتەی ناوداران



**- جین ئۆستن، دەربارەی خۆشەویستی وهاوسەرگیری دەڵێ:**
مرۆڤ دەتوانێت بەرگەی هەموو شتێکی ناخۆش و ئازار لە ژیاندا بگرێت، بەڵام ناتوانێ بەرگەی هاوسەرگیرییەك بگرێت كە بەبێ خۆشەویستی بێت و بەردەوام بێت !

## وتــە

**- لــە نێــو ئەزموونــە ســەختەکاندا وانەی گرنگی زانڵبــوون بەســەر تورڕەییــدا فێربووم، وەك چــۆن زانیومە گەرمــا کۆنتــرۆڵ بکرێــت دەبێت بە وزە بە هەمان شــێوە ئەگــەر تورڕەییــش کۆنترۆڵ بکرێت،دەتوانرێت بکرێتە هێزێك کە جیهان بهەژێنێت، تەحەمول کردنی تەنیایی زۆر زۆر باشترە لە سواڵکردنی موحیببەت.**

**- مــرۆڤ ناتوانێت چاکە لە گەڵ هەموو کەسێك بکات بەڵام دەتوانێــت چاکە فێری هەموو کەسێك بکات.**

## خانوو لەسەر خانوو!



وادیــارە بەهــۆی زۆریــی دانیشــتووانەوە، کێشەی نیشتەجێ بوون لە زۆربــەی وڵاتانی جیهان، سەری هەڵداوە و ئەمەش لە کاتێکدا کێشەیەکە و تووشی خەڵك دەبێتەوە، بەڵام ئەوانەی بیرۆکە و چارەسەری بۆ ئــەو کارە دەبیننەوە، شــیاوی خــەڵات و کاری جوانن، لە وڵاتی چیــن، یەکێك لە بیرۆکــە جوان و سەیرەکان، خانوویان لەسەر باڵەخانە گەورەکانی ئەو وڵاتە دروستکردووە، کە جێگەی خانوو دروست کردنەکە کــراوە و چارەســەرێکی بچووکی بۆ ئەو کێشــەیە دۆزیوەتــەوە، ئەو بیرۆکەش پێیدەڵێن : خانوو لەســەر خانوو.

## زاخــاوی مێشك

* وەڵامی ژمارەی پێشوو وشەی (گەرمیان) بوو



بۆ زانینی ئاستی زیرەکیت، هەوڵبدە ئەنجامی ئەم شیکارە بدۆزیتەوە..

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | |

ئەم چوارگۆشانە بەپیت پڕ بکەرەوە کە لەکۆتایی ناوێکت بۆ دەردەچێت بتوانە لەماوەی (٥) خولەکدا ناوەکە بدۆزیتەوە، بەسوود وەرگرتن لەم ئاسانکاریانەی خوارەوە:


**ئاسانکاری**

- پیتی خانەکانی (١+٢+٣) کۆ بکەیتەوە بە مانای (بەشێکی سەرەکیی کۆمپیوتەرە)
- پیتی خانەکانی (٥+٢+١) کۆ بکەیتەوە بە مانای (ئاگر بە زمانی عەرەبی)
- پیتی خانەکانی (٣+٤+٥) کۆبکەیتەوە بە مانای (پیاو بە زمانی عەرەبی)
- پیتی خانەکانی (٣+٢+١)کۆ بکەیتەوە بە مانای (گیاندارێکی خشۆکە ژەهری هەیە)



**کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩**

ڕاستییەك بێ ئومێدو ورەت دەکــات، بەڵام ڕۆژانی داهاتوو لەگەڵی ڕادێیت و خۆشحاڵ دەبــیت، بۆیە بەزیرەکی و پشوو فراوانی هەڵسوکەوت بکە با دوایی پەشیمان نەبیتەوە.



**گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠**

ئــەم مــاوەیــە بەهۆی ســەرکــەوتــنــەکــانت خەریکە لەخۆبایی دەبیت و ئــەو کــەسانە لەبیر دەکەیت کە هاوکارییان کردوویت لەبەدەست هێنانی سەرکەوتنەکانت، کەمێك ویژدانت ئاسوودە بکەو هاوڕێکانت لەبیر مەکە.




**دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠**

ئــەمــرۆ گوێبیستی هــەواڵێکی هــەڵبــەستراو دەبیت و کاریگەرییەکی خراپ لەسەر باری دەروونیت جێدەهێڵیت، هەروەها پێویستە خۆت بپارێزی لــە دەمــەقاڵی لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکەت.



**تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢**

بــەهــۆی ســەرکــەوتــنــە بەردەوامەکانت لە کارەکەتدا ڕووبــەڕووی چــەنــد ناحەزێك دەبیتەوە کە چاویان بە سەرکەوتنەکانت هەڵنایەت، واباشترە بێ دەنگی هەڵبژێری چونکە بەپرسەکانت لەراستی تۆ تێدەگەن.



**دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١**

لەبواری سۆزدارییەوە هەوڵبدە ئەوەندە هەستی دۆستەکەت بریندار نەکەی، ئەگینا بەیەکجاری لێت دەتۆرێت و لەدەستت دەچێت، لەبواری کاریشدا پێویستە زیاتر خۆت هیلاك بکەیت تاوەکو بەپرسەکانت گلەییت لێ نەکەن.



**کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١**

زۆر بە پەرۆشەوە کاردەکەیت و لــەهــەر کاتێك زیــاتــر ئــارەزووی کۆکــردنــەوەی پــارە دەکــەیــت، لەوانەیە پارەیەکی چاك بەدەست بهێنیت بەهۆی ئەو کارانەی کە دەیکەیت، ئەنجامی باشیشی دەبێت.



## جوانیی کچ!

چەندین گوتە و قسە لەسەر جوانی کچ کراوە، تەنانەت هەر یەکە وەك وتەیەکی مەجازی وایە یان لە شێوەی ڕەوانبێژی دەچێ بۆ ناساندن و وەسف کردنی جوانیی کچ، لە کاتێکدا دەڵێن دەم و چاوی کچ وەك مانگە یان وەك سینی وایە، ئەمەش وەك گوزارشت لە جوانی و خڕی و سپی و ڕووناکی ڕووخساری کچ دەکات، لەلایەکی دیکەشەوە دەڵێن : چاوی کچ وەك ژێر پیاڵە وایە یان دەمی لە گوڵە خونچە و نوقڵ دەچێ، لێرەدا ئەگەر ئەو وەسفانە بکەین بە ڕاستەقینە، بەم شێوەیەی وێنەکە دەردەچێ.

## تابلۆ



تابلۆی گەورە وێنەکێشی جیهانی (لیۆناردۆ داڤنشی) کە بە ناوی (سەری خانمێك)ە، لە ساڵی (١٥٠٨) وێنەی کێشاوە و باس لە جوانی سەری خانمێك دەکات، تەنیا سەر!

## یاری پیت ریزکردن

هەوڵبدە ئەو پیتانەی ناو بازنەکان ڕێکبخەی ناوی دەنگێکت لە ئاسمان بۆ دەردەچێت :

و ه ا ه گ ر

وەڵامی ژمارەی پێشوو: پەراسوو



### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

میزاجت باشتر دەبێت و لەوانەیە دیدارێکی گرنگ ساز بدەیت، یان بڕیارێکی یەکلاکەرەوە بدەیت دەربارەی جێگیریی و بەهاوسەربوون، یاخود پەیوەندییەکی نهێنیت بۆ دەوروبەر ئاشکرا دەکەیت.



### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢

هەست بەچوست و چالاکی دەکەیت، بەڵام نەکەی بێ بیرکردنەوەیەکی باش هیچ کارێکی گرنگ ئەنجام بدەیت، ئارام و هێمن بە، چونکە لەوانەیە ڕووبەڕووی کەسێکی خراپ و ببیتەوە.



### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

لەبواری سۆزدارییەوە ئەوەندە کاتت بەفیڕۆ مەدە، چونکە کات لەبەرژەوەندیی تۆدا نییە، بۆیە هەوڵبدە بەبێ پێچ و پەنا هەستی خۆت بۆ ئەو کەسە دەرببڕیت کە دەمێکە دڵی لێسەندوویت.



### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

پڕۆژەیەکی بەنرخی ئابووری و کۆمەڵایەتی چاوەڕێی ئامادەکردن و جێبەجێکردنە، هەوڵبدە بارودۆخێکی گونجاوی بۆ بڕەخسێنیت، تاوەکو بتوانیت سەرکەوتنی تێدا بەدەست بهێنیت.



### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

هیچ بەڵێنێك مەدە کە گومانت هەبێت لە جێبەجێکردنی بەهۆی بارودۆخی ناجێگیرو ناڵەبارو ئەو گۆڕانکارییانەی لەم ماوەیەدا ڕوودەدەن و ڕووبەڕووی کێشەت دەکەنەوە، بۆیە هەوڵبدە لەگەڵ واقیع مامەڵە بکە.



### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

ئەم ماوەیە بە کێشەیەك سەر قاڵ دەبیت کە ڕەنگە ببیتە هۆی ئەوەی زۆر لە هاوڕێ و خۆشەویستەکانت لەبیر بکەیت، بەڵام لەگەڵ ئەوەش هاوڕێ دڵسۆزەکانت پاڵپشتیت دەکەن و لەخەمەکانت سووک دەکەن.

## ماناى خەون

**مار:** لە خەودا دوژمنە یان پارەیە، ئەو کەسەی مار ببینێ و لێی نەترسێ ئەو کەسە زۆر ئازاو بەتوانایە، مار دوژمنێکی پارە دارە، چونکە ژەهر لە خەودا پارەیە، ئەگەر یەکێك لە خەودا ببینێ مار چووە ماڵی یان ماڵەکەی پڕ مار بێت، ئەوە لەلایەن دوژمنەکەیەوە هەڵ دەخەڵەتێ و پیلانی بۆ دادەڕێژێ، ئەگەر مارەکە بگرێت و بۆ خۆی بیبات ئەوە زۆر بە ئاسانی سوود لە دووژمنەکەی دەبینێت، ئەگەر مارەکە بکوژێ بەسەر دوژمنەکەی زاڵ دەبێت ئەگەر دەستیشی بە خوێن بێت ئەوە دوژمنەکەی یان ناحەزێکی دەمرێ، مار پێوە دان باش نییە مانای زیان لێکەوتنە، فڕینی مار سەفەرە، کوشتنی ماری بچووك مانای ئەنجام دانی کارێکی خراپە، کوشتنی مار بە کۆمەڵ مانای جەنگ ڕوودەدات.

## نوکتە



■ پیاوێك بۆ یەکەم جاری دەبێت دەچێتە سینەما، لە سینەمادا فیلمێك دەبێ باسی گایەکی سەر شێت دەکات، پیاوەکەش دەشڵەژێ وهەڵدەستێتەوە و بە خەڵکەکە دەڵێ : با بڕۆینە دەرەوە تا ئەو گایە هەموومانی نەکووشتووە، ئەوانیش دەڵێن : دانیشە ئەوە فیلمە و سینەمایە، پیاوەکەش دەڵێ: دەزانم ئەوە سینەمایە، بەڵام ئەو گا سەر شێتە نازانێ سینەما چییە !

■ کابرایەك لە پێش برادەرەکانی، خۆی وا دەردەخات کە لە ماڵەوە هەموو ئیشێکی بە گوێ دەکەن و توانای بەسەر خێزانیدا هەیە، لە بەرچاوی برادەرەکانی تەلەفۆن بۆ ماڵەوە دەکات و دەڵێت: بە خێرایی ئاوم بۆ گەرم بکەن، خێزانەکەشی دەڵێت بە چاوان برادەرەکانی دەڵێن: ئافەرم پیاوەکەش دەڵێت: ئەی چۆن بەو زستانە قاپ بە ئاوی سارد دەشۆردرێت !